ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# کتێبخانەی ئەوقافو مزگەوتی جیهاد

فاضل قەرەداغی

ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف-سلێمانی ڕوونکردنەوەیەکی بلاَکردۆتەوە (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ٣٤١٢ لە ٢٠٠٤/٧/٧ ، لاپەڕە ٤) کە ئەوەی تێدا هاتووە مزگەوتی جیهاد لەسەر داوای ئەوان کە پێشەکەش کرابوو بە دکتۆر بەرهەم سالَح و ئەنجوومەنی وەزیران دەدرێتە ئەوقاف تا بکرێتە بینای کتێبخانەی ئەوقاف.

مزگەوتی جیهاد لەگەلْ بینای مەلْبەندی تەنیشتی کاتی خۆی سەر بە بزووتنەوەی ئیسلامیو پاشان بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیو لە کۆتاییدا کۆمەلْی ئیسلامی بوونو کاتی بەعس تایبەت بە ڕیکخراوی (موجاهدین خەلق)ی ئێرانی بوو و بزووتنەوەی ئیسلامی لە ڕاپەڕیندا بە شەڕ گرتبووی. پاش نەمانی ڕژێمی صەددام یەکێتی وای لە کۆمەلْ گەیاند کە ئەمەریکییەکان داوای دوو بیناکە دەکەن بەلاَم پاش پەیوەندی کردن بە (سیماك)ی هەولێر ئەمەریکییەکان وتیان ئێمە ئیشمان بەو بینایە نییە. هەولْەکان بەردەوام بوون تا لە کۆتاییدا سەریان گرتو بیناکە چۆلْ کرا. هەمان شتیش بۆ بینای مەلْبەندی هەولێر کە بەشێکی کۆمەلْی ئیسلامیی تێدا بوو و بەشەکەی تر بزووتنەوەی ئیسلامی. ئەم ڕەفتارە لە دوو شارەکەدا نیشانی دەدا عەقلْیەتی دەسەلاَتی کوردی چەند بەرتەسکەو چەند شتی بچووکیان لا گەورەیە (زۆر جاریش بەپێچەوانەوە ئەو شتانەی دەبێت بە گەورە تەماشا بکرێن ئەمان لەبارەیەوە کەمتەرخەمن) دەنا لە دەیان بینا حزبیو حکومیی کاتی بەعس بۆچی گەڕیان لە دوو بینایە ئالاَندبوو؟ مەسەلەی شەهامەتیش لەولاوە بوەستێ.. یەکێك لە ڕەوشتەکانی کوردیش شەهامەتو مەردایەتییە لەگەلْ لێقەوماوان ئەگەر چیش دوژمن بن، دوو حزبە ئسلامییەکەش لە ڕۆژانەدا بارودۆخیان خراپ بوو. پاش هەموو شتێك دوو سێ بینا چ نرخێکیان بۆ ئەو دوو حکومەتە هەیە کە بە دەیان بینای حزبیو حکومیی کاتی بەعسیان لەژێر دەستدایەو دەتوانن دەیانی تر بە داهاتی کوردستان بەکرێ بگرن؟ ئایا ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کە ئەو هەوالْەی تێدا بلاَوبۆتەوە لە بینای حکومیدا نییە؟ خۆ بەڕەسمی ڕۆژنامەی حزبێکەو ناتوانێت بە ئاشکرا بلێت هی حکومەتە.

ئینجا بێینە سەر کتێبخانەی ئەوقاف؛ ئایا بینای مزگەوتی جیهاد کە لەو پەڕی شارە شوێنی شیاوە بۆ کتێبخانەیەکی گشتی؟ بێگومان پێویستە شوکری خوا بکەین بیناکە نەبووە بە نادی وەك چۆن هەندێك کەس وتبوویان ئەو مزگەوتە دەکەینەوە بە نادی.

ئینجا تەماشا بکە: حکومەت چەند قازانجی کردووە: لەلایەك کتێبخانەی ئەوقافی هەلْدایە قەراغ شار، لەلایەکی تر مزگەوتی جیهادی نەکردەوە بە مزگەوت کە دیارە مزگەوت یەکێکە لەو شتانەی پێی بێتاقەتن، پاشان بیناکە کێشەی لەسەر بووەو سبەنێ کە دەورێکی تر هات کێشەکە دەکەوێتە نێوان حزبێکی ئیسلامیو

وەزارەتی ئەوقاف ئەویش ئەگەر ئەو حزبە بیەوێت بیناکەی وەربگرێتەوە، هەرچەندە بڕوا ناکەم ئەمە ڕووبدات چونکە یان ئەوەیە چاوپۆشی لەو زوڵمە دەکاتو یان ئەوەیە کە دەور گۆڕا پێویستی بەو بینایەی قەراغ شار نابێتو ڕەنگە دەور وا بگۆڕێتو دنیای کوردستان وا سەرەوژوور هەڵبگەڕێتەوە حزبێکی ئیسلامی بە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵێت: فەرموون بیناکەتان چۆڵ بکەن. ئەو کاتەش باسی مەردایەتیو شەهامەت کەڵکی نابێت.